# دڵی لەقاودەر

ئیدگار ئالان پۆ
و: حەمە رەسووڵ حەسەنپوور



بەڵێ وایە، راستە! عەسەبی بوومو ئێستاش هەروام، ئەویش عەسەبییەکی بێ سنوور، بەڵام ئایا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بڵێی شێت بووم؟. نەخۆشی پێنج هەستەکەمی هەستیارترکردووە، بەڵام کزی نەکردوون، یاخود لەناوی نەبردوون، بەتایبەت کە پێشتریش هەستی بیستنم بەهێزبوو و گشت دەنگێکی زەوی‌و ئاسمانم دەبیست، دەنگی زۆریشم لە دۆزەخەوە دەگەیشتە بەرگوێ، کەوایە چۆن دەشێ شێت بم؟. گوێبگرن‌و خۆتان سەرنج بدەن، کە چەندە ژیرانەو لەسەرخۆ لە توانامدایە گشت چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە.

ئەوە، کە ئەم بیرۆکەیەم کەی بەمێشکدا هات بۆ خۆشم روون نییە، بەڵام ئەو کاتەی گیرۆدەیبووم، ئیتر شەوو رۆژ بەری نەدەدام. من شوێن ئامانج‌و مەبەستێك نەدەکەوتم، گیرۆدەی هیچ رق‌و قینێکیش نەبووم. ئەو پیرەمێردەم خۆشدەویست، قەت ئەزیەتی پێم نەگەیاندبوو و ناهەقیی لەگەڵدا نەکردبووم، منیش تەمام لە ئاڵتوونەکانی نەکردبوو. وابزانم شتەکە پەیوەندیی بەچاوییەوە بوو. بەڵێ خۆیەتی! چاوێکی

چاوی داڵ بوو. چاوێکی شینی کەم ڕەنگو پەڵەیەکی لەسەر ڕەشێنەکەیبوو. هەر کاتێ ئەم چاوەی پێمدەکەوت، خوێنم دەمەیی‌و بەم چەشنە وردە وردە لەسەریدام ڕۆحی پیرەمێردەکەی لێ بستێنم بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لە چنگ چاوەکەی ڕزگاربم، ئەوەی گرینگە ئەمەیە، ئێوە بەشێتم دەزانن، بەڵام خۆ شێت هیچ تێناگات. ئەگەر دەتان دیم کە بەچ شارەزایییەك هەنگاوم ناو بەچ ئامادەکاری‌و نهێنی پارێزییەك دەستبەکاربووم! هەرگیز بەقەدەر ئەو حەوتوویەی بەنیازی کوشتنی بووم، لەگەڵیدا میهرەبان نەبووم.

هەموو نیوەشەوێ، کێلۆنی دەرگای ژوورەکەییم دەسووڕاندو دەمکردەوە.

ئاخ چەندە لەسەرخۆو بەئەسپایی دەمکردەوە! دوای ئەوەی تا ئەو ڕادەیە دەمکردەوە، بتوانم سەرمی پێدا بەرمەژوور، فانۆسەکەم لە ژوورەکەدا ڕادەگرت، ڕووناکیی چراکەم هێندە کز دەکرد، کە لە دەرەوە نەبینرێ. پاشان سەرم دەبردە ناو ژوورەکەوە لەسەرخۆ، زۆر لە سەرخۆ سەرم دەبزاوت، بۆ ئەوەی خەوی پیرەمێردەکە تێکنەدەم. کاتژمێرێکم کات تێپەڕدەکرد بۆ ئەوەی سەرم هێندە بەرمە ژوور، تا پیرەمێردەکە لە قەرەوێڵەکەیدا بەدی بکەم. ئاخ، داخوا شێتێك لە توانایدایە هێندە بەهۆش‌و گۆش بێت؟ دوای ئەوەی سەرم بەتەواوی دەچۆ ژوورەکەوە بەقایمکارییەوە ڕووناکیی فانۆسەکەم زێدە دەکرد، هەموو جارێ ڕێك لە نیوەشەوێدا، بەڵام چاوی هەمیشە لێکنرابوون. هەر بۆیە دەشیا دەست بەئەنجامدانی ئیشەکەم بکەم، چونکی پیرەمێردەکە خۆی نەبوو دەیترساندم، بەڵکو سەیرکردنە بەدشوومەکەی بوو.

گشت ڕۆژێ بەیانی هەر کە هەتاو دەکەوت، بێ ئەوەی بترسم دەچوومە ژوورەکەی‌و بێ ترس لەگەڵیدا دەپەیڤیم، بەشێوازێکی پڕ خۆشەویستی بانگم دەکردو لێم دەپرسی، شەوەکەی چۆن تێپەڕکردووە. ڕوونە کە دەبوو پیاوەکە زۆر بەهۆش‌و گۆش بێت، بۆ ئەوەی پێ زانێ هەموو جارێ نیوەشەوێ لە کاتی خەوێدا شوێنی دەکەوم، تا پێش ئەو شەوە، هەرگیز هەستم بەڕادەی لێهاتوویی‌و دووربینیی خۆم نەکردبوو. بەدژواری بەر بەقوڵتەی هەستی سەرکەوتنی دەروونیم بگرم. لەم کاتەدا بیرۆکەیەك هاتە نێو مێشکمەوە، بەلای خۆمەوە بیرم کردەوە، دەرگای ژوورەکەی وردە وردە دەکەمەوەو ئەو شیوەی بیرکردنەوەی من، تەنانەت لە خەویشدا نابینی. کاتێك بیرم لەم شتە دەکردەوە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم، پێکەنینم هاتو لەوانەیە دەنگی بیستبم، چونکی لە پڕ وەك ئەوەی ترسابێت، لە جێگەکەیدا جووڵا، لەوانەیە بیربکەنەوە، لەم کاتەدا خۆم کێشابێتە دواوە، بەڵام نا، ژوورەکەی بەتەواوی تاریکبوو، چونکی لە ترسی دزان کرکرەکانی بەتەواوی بەستبوو، چونکی دەمزانی ناتوانێ کردنەوەی دەرگاکە بنێی، بەقایمکاری تەواوەوە زۆرتر ئاوەڵامکرد.

سەرم برد بۆ ژوورێ‌و دەمەویست ڕووناکیی چرایەکە زۆرتر بکەم‌و دەستم لەسەر پێچی چرایەکە پووراو پیرەمێردەکە لە جێگەکەی قووت بوو و هاواریکرد:

کێ لەوێیە؟

بێ جووڵە لە جێگەکەم ڕاوەستام‌و هیچم نەوت. کاتژمێرێکی تەواو، هیچ کام لە ئەندامەکانی جەستەم نەجووڵاو لەم ماوەیەشدا دەنگێکی کە خەوشی سەرلەنوێی پیرەپیاوەکە بگەیەنێت، نەگەیشتە بەرگوێم. تا ئێستاش بەقیتی لەسەر تەختەکەی دانیشتبوو، هەروەك من چەندان شەو گوێم دەدایە دەنگی سیسرکەکانی کەلێنی دیوارەکان، ئەویش گوێی قیت کردبوو.

لەم کاتەدا دەنگێکی ناڵینی لەسەرخۆم بیستو بۆم دەرکەوت ئەم ناڵینە دەنگی ترسان لە مردنە. ئەم ناڵینە لە ناڵینی ئێش و ژان نەبوو. ئاخ، نا، دەنگێکی ئارام‌و کپ بوو، ئەو کاتەی گشت جێیەك پڕە لە ترسان، لە ناخی ڕۆحەوە دێتە دەرەوە. باش ئەم دەنگەم دەناسی، هەندێ شەوان ڕێك لە کاتی نیوەشەوێدا ئەو کاتەی هەموو دونیا لەخەودابوو، ئەم دەنگە لە ناخی دەروونمەوە هەڵدەستاو بەرەنگدانەوەی ترسناکی خۆی ئەو ترسە لەڕادەبەدەرەی ئەشکەنجەی دەدام، توندتری دەکرد، هەر بۆیە کە دەڵێم باش شارەزای ئەم دەنگەبووم‌و دەمناسی. دەمزانی پیرەمێردەکە لە چ ڕەوشێکدایەو لەگەڵ ئەوەیدا لە ناخی دڵەوە خۆشحاڵبووم، بەڵام زگیشم پێی دەسووتا.

دەمزانی ئەو پیاوە بەبیستنی یەکەم دەنگی لەسەرخۆ لە جێگەکەیدا جووڵا، ئیتر خەوی لێناکەوێتەوەو لەم

کاتەشەوە ترسانەکەی زۆرتر بووەو هەوڵیدابوو وابنوێنی ترسەکەی بێهۆیە، بەڵام نەیتوانیبوو، بەخۆی وتبوو: دەنگی بایە هاتۆتە نێو کلاوڕۆژنەکەوە، یاخود دەنگی مشکە بەسەرکەڤی ژوورەکەدا دەڕوات. یان تەنیا دەنگی سیسرکە.

بەڵێ، هەوڵیدابوو دڵی بەم چەشنە گریمانانە خۆشبکات، بەڵام تێگەییبوو گشتیان بێهوودەن‌و هەمووشیان بێسوود بوون، چونکی مەرگ بەشوێنیدا دەگەڕاو ئێستا وەك نسێ لە پەنایدا راوەستابوو، بەزوویی نێچیرەکەی لە ئامێزیدا دەگووشی. کارتێکردنی ئەم نسێ نادیارە بوو، کە هەستی بەبوونی سەری من لە ژوورەکەیدا کردبوو.

دوای ئەوە ماوەیەکی دوورودرێژ بەسەبروسیکەدانەی زۆرەوە چاوەڕوان راوەستابووم، بێ ئەوەی دەنگی خەوتنی سەرلەنوێ بێتەوە بەر گوێم، بریارم دا رووناکیی فانۆسەکە کەمێك زیادبکەم، بەڕاست بەبیرومێشکدا نایەت کە چۆن‌و بەچ سەرنجێکەوە ئەم کارەم کرد، تا دواجار هێڵێکی باریك‌و کزی وەك تاڵی جاڵجاڵوکە لە چرایەکە هاتەدەرو لەسەرچاوە داڵاسییەکەی قووت بۆوە.

چاوی ئاوەڵابوون‌و هەر کە چاوم پێیانکەوت دووچاری توورەبوون بووم، زۆر بەروونی دەمدی، چاوی مەیلەو شینێکی کەم رەنگبوو، دەموچاوی بەتوێژێکی نەفرەت ئامێز، کە تا سەرئێسقان ساردی کردبووم، داپۆشرابوو، بەڵام من دەمتوانی دەموچاوی پیرەمێردەکە نەك سەری ببینم، چونکی نووری چراکەم رێك لەسەر ئەوێ رێکخستبوو.

پێشتر پێم وتن، ئەو شتەی بەشێتیی منی تێدەگەن، جگە لە هەستیاریی لە رادەبەدەری هەستم نییە. ئەو کاتیش دەنگێکی نادیارو نووساوو پەیتا پەیتام گەیشتە بەرگوێ، رێك چەشنی سەعاتێکی پەمۆیان لە دەورییەوە پێچابێت، ئەم دەنگەشم باشدەناسی، ئەمە دڵی پیرەمێردەکەبوو کە لێدانەکەییم دەبیست. لەم بەینەدا توورەبوونی منیش زیادیدەکرد، رێك وەك دەنگی تەپڵێکی، کە نەترسیی سەربازەکان زۆرتر دەکات، بەڵام لەم ساتەوەختەدا بەسەرخۆمدا زاڵبووم‌و بێ جووڵە راوەستام، بەدژواری هەناسەمدەداو چراکەم بێ جووڵە بەدەستەوەبوو. هەوڵم دا نوورەکەی رێك لەسەر دەموچاوی رابگرم. لەم کاتەدا لێدانی دڵە لەعنەتییەکەی زیاتردەبوو، هەر ئان‌و ساتیش تووندترو درێژتر دەبۆوە. ترسانی پیرەپیاوەکە دەبوو گەیبێتە ئەوپەڕی خۆی!

باش سەرنج بدەن! دەڵێم هەر ئان‌وسات بەرزترو بەرزتر، پێشتر وتم بنیادەمێکی عەسەبیم. بەڕاست، ئێستاش هەر ئاوام‌و ئەوکات کە لەم ساتەوەختە مەرگهێنەرەی شەوێدا، لە بێدەنگیی سامناکی ئەو ماڵە کۆنەدا، ئەم دەنگە سەیروسەمەرەیەم بیست، ترسێکی نەوترا جەستەی داگرتم، لەگەڵ ئەمەشدا دیسانەوە بۆ چەند چرکەیەك بەسەر خۆمدا زاڵبووم‌و بێ جووڵە لەوێ راوەستام، بەڵام دەنگی لێدانی دڵەکە بێ پسانەوە بڵندتر دەبۆوە، بیرم کردەوە بێگومان دڵی هەڵدەکەندرێت.

ئێستا ترسێکی نوێ داپۆشیم. لەوانە بوو دراوسێیەك دەنگی لێدانی ئەم دڵە ببیستێ. کاتی مردنی پیرەمێردەکە هاتبوو. بەقەو نەراندم‌و لە پڕ فانۆسەکەم تەواو رۆشنکردو خۆم هاویشتە ژوورەکەوە. پیاوە پیرەکە هاواریکرد، تەنیا جارێك لە چاوترووکانێکدا فرێمدایە سەر عەرزی‌و سەرە قورسەکەی قەرەوێڵەکەم بەسەر سەریدا ئاوەژووکردەوە. لەبەر ئەوەی ئیشەکە تا ئەو جێیە بەرەو پێشەوە چوو بوو، بزەیەکی شادیم کرد. دڵەکەی تا ئێستاش بۆ چەند چرکەیەك ترپەیەکی نادیاری لێوە دەهات، بەڵام ئەمە منی ئازارنەدەدا، چونکی لە دیوارەکانەوە نەدەبیسترا، سەرەنجام ئیشەکە کۆتایی پێهات. پیاوە پیرەکە مردبوو. دەستم لەسەر دڵی رۆنا، چەند چرکەیەکی دوورودرێژ لەوێدا رامگرت، لێدانی دڵی نەدەبیسترا. ئەو بەڕاست مردبوو. ئیتر چاوی ئەشکەنجەی نەدەدام.

ئێستاش، وا بیردەکەنەوە شێتم؟، بەڵام کاتێك ئەو قایمکارییەی بۆ شاردنەوەی تەرمەکە لەخۆم نیشان دا، بۆتانی باسبکەم، ئیتر وا بیرناکەنەوە، شەو دەگەیشتە کۆتایی‌و من بەپەلە دەستبەکاربووم، بەڵام لە بێدەنگییەکی تەواودا. پاشان سێ تەختەی کەڤی ژوورەکەم دەرهێناو تەرمەکەم تێهاویشت‌و پاشان بەزانایی‌و زیرەکییەکی ئەوتۆ، تەختەکانم دانانەوە کە چاوی هیچ مرۆڤێك —تەنانەت چاوی ئەو- لە توانایدا نەبوو لە

جێیەکی سەرنجی بۆ لای شتێکی ناروالەتی رابکێشرێت، شتێکی ئەوتۆ بۆ شوشتن‌و خاوێنکردنەوە لە ئارادا نەبوو. هیچ پەڵە خوێنێك بەدەورووبەرەوە نەبوو. لەم رووەوە قایمکاریی زۆرم کرد، تەشتە ئاوێك هەمووی هەڵمژیبوو.

کاتێك ئەم ئیشانە تەواوبوو کاتژمێر چوار بوو، بەڵام هەروا وەك نیوەشەوێ تاریکبوو. کاتێك زەنگی سەعاتەکە لێیدا، لە دەرگای ماڵەوەیان دا. بەدڵێکی ئاسوودەوە چووم بۆ ئەوەی دەرگاکە بکەمەوە، چونکی شتێکی ئەوتۆ نەبوو لێی بترسم. سێ پیاو هاتنە ژووری ماڵەکەوە، بەئەدەبەوە خۆیان وەك مەئمووری پۆلیس ناساند. دراوسێیەك، شەوێ گوێی لە هاوارکردنەکە بووبوو، شکی کردبوو، مەبادارو داوێك روویدابێت‌و دایرەی پۆلیسی تێگەیاندبوو، ئەوانیش هاتبوون بۆ ئەوەی ماڵەکە بگرن. بزەیەکم هاتێ، چونکی شتێکی ئەوتۆ بۆ لێترساندن نەبوو.

بەخێرهاتنم کردن‌و پێم وتن، من بووم لە خەوێدا هاوارم کردو پیرەمێردەکە چۆتە گوندی. گشت ماڵەکەم پیشانی پشکنەرەکان داو داوام لێکردن بەسەرنجەوە هەموو جێیەك بپشکنن، دواجاریش بردمنە ژووری پیرەپیاوەکەو کەلوپەلە کۆنینەکانی ئەم پیشان دان، کە دەستیان لێنەدرابوو هەر لە جێگەکانیانبوون. لە کاتێکی وا لەوپەڕی هیواو بڕوابەخۆبوونی ئەوەی تێدەپەڕیدابووم، چەند دانە کورسیم هێنانە ژوورەکەوەو داوام لێکردن پشوویەك بدەن. منیش بەئازایەتی‌و هەستی سەرکەوتنی تەواوەوە کورسییەکەم رێك لە شوێنێك دانا کە تەرمی پیرەپیاوەکەی لە ژێرەوە بوو، مەئموورەکان رازی بووبوون‌و هەڵسوکەوتم ئەوانی ساچاندبوو. منیش هەستێکی زۆر باشم بوو. ئەوان لەوێ دانیشتبوون‌و سەبارەت بەبابەتگەلی رۆژ دەپەیڤین‌و من بەگەرمی‌و بەشادییەوە وەڵامم دەدانەوە، بەڵام هێندەی نەبرد هەستم پێکرد رەنگم پەڕیوەو حەزم دەکرد ئەوان برۆن.

سەرم ژانیدەکردو وام دەهاتە بەرچاو گوێم دەزرینگێتەوە، بەڵام ئەوان هەروا دانیشتبوون‌و دەپەیڤین. دەنگی گوێیانم روونتر بووبوو، درێژببۆوە، روون‌و روونتر دەبوو. بێپسانەوە قسەم دەکرد، بۆ ئەوەی لە چنگ ئەم هەستکردنە رزگارم بێت، بەڵام هەستی ناوبراو درێژەی هەبوو، هەر ئان‌وساتێك روونتر دەبۆوە، تا ئەوەی سەرەنجام بۆم دەرکەوت، دەنگەکە لە گوێی مندا نییە. بێشك بەتەواوی رەنگم چرژابوو، بەڵام تا ئێستاش بەدەنگی بەرزو رەوانتر لە پێشوو قسەم دەکرد، بەڵام دەنگەکە توندتربوو، دەمتوانی چیبکەم؟!. دەنگێکی کپ‌و نووساو و دووپاتەکراوبوو، بەدەنگی سەعاتێك دەچوو کە دەپەمۆیان وەرپێچابێت. بەزەحمەت هەناسەم دەدا، بەڵام مەئموورەکان هیچیان گوێ لێنەبوو. توندترو لێبراوتر دەپەیڤیم، بەڵام دەنگەکە پەیتا پەیتا توندتردەبوو. هەستام‌و بەدەنگی بەرزو جوڵاتی توند توند، سەبارەت بەرووداوی بێبایەخ، ئەسخەرە دەستم بەقسان کرد، بەڵام دەنگەکە هەردەم توندتر دەبوو، ئەی بۆ نەدەرۆیشتن؟. بەهەنگاوی قورس سەرووخوارم دەکرد. دەتگوت لە قسەکردنی پیاوەکان کەوتبمە جۆش‌و خرۆشەوە، بەڵام دەنگەکە هەردەم توندتردەبوو. گاڵەگاڵم وەرێ خستبوو، قسەی هاتەران پاتەرانم تێك دەکردنەوە! ئەو کورسییەی لەسەری رۆنیشتبووم دمجووڵاندو بەسەر عەرزیدا رامدەکێشا، بەڵام دەنگەکە هەموو دەنگێکی لە خۆیدا کپکردبوو، هەروا توندتر دەبۆوەو هەردەم بەرەو توندبوون دەچووا!، بەڵام ئەو بەرێزانە ئێستاش خۆشحاڵو دەم بەپێکەنین قسەیاندەکرد. داخوا دەشیا گوێیان لە هیچ نەبێت؟ خوای گەورە! نا! ئەوان دەیانبیست، وەشك کەوتبووم، ئێستاشی لەسەربێت وا بیردەکەمەوە، بەڵام ئەم ترسە مەرگهێنەرە لە گشت شتێ خەراپتربوو.

هەموو شتێ لەم گاڵتەجارییە باشتربوو!. ئیتر نەمتوانی ئەم گاڵتەپێکردنە پێچراوەیە بەسوند بکەم. هەستمپێکرد، یان دەبێت هاواربکەم، یان ئەوەتا دڵم دەرپەڕێ! ئێستاش ئەم دەنگانە درێژەیان هەبوو! گوێبگرن! بەرزتر! دیسانەوە بەرزتردەبێ! هاوارمکرد:

رەوشت نزمینە! شاردنەوە کافییە! دان بەتاوانەکەمدا دەنێم! تەختەی کەڤ ژوورەکە لابەرن! لەوێدایە! لەوێیە!. ئەم دەنگە دەنگی لێدانی دڵە ترساوەکەیەتی!

**سەرچاوە:**

(کتاب جدول شماره (101) سالْ نهم شهریور 1385).